

هاوڵاتی، دوایین چاوپێکەوتنی بڵاونەکراوەی جەوهەر نامیق بڵاودەکاتەوە:ئەم دەسەڵاتە نەتوانای بەخۆداچوونەوەی هەیە، نە قودرەتی گۆڕینی بنە ڕەتی ناوخۆیی تێدا ماوە

20/4/2011

**هاوڵاتی**

**بەشی یەکەم**

**ژووری (کوردستان نیشتیمانێك بۆ هەموان) لەپاڵتاك لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لەبەرواری 14-1-2011 سیمینارێکی دوو کاتژمێری بۆ جەوهەر نامیق سالم ڕێکخست، سیمینارەکە لەلایەن (مەهدی فەتاحی) بەشێوەی پرسیارو وەڵامی ڕاستەوخۆ ئەنجامدراوە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.**
**جەوهەر نامیق لەو سیمینارەدا کە نزیکەی 1000 کەس گوێ لە پرسیارو وەڵامەکان دەگرێت، بەراشکاویی چەندین پرسیاری ڕووبەڕوودەکرێتەوەو ئەویش وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە.**

**پێشەکییەك لەلایەن جەوهەر نامیقەوە:**
**وەکو ئاگادارن ئەمشەو بۆئەوەیە لەسەر بارودۆخەکە قسەبکەین‌و ئاماژە بەهەندێك لایەن بکەین بەتایبەت ئەوەی من لام مەبەستە بارودۆخی هەرێم پاش کابینەی چوارەمی حکومەتی بەغدا.**
**گومان نییە کە خەڵکی ئەم هەرێمە لەباشووری کوردستان کە وا بۆ ماوەی 20 ساڵ دەچێت حوکمی خۆی دەکات، هەر لەسەرەتای ئەم ئەزموونەوە هەتا ئەمڕۆ بەگشتی دوو حیزب، دوو ناوەندی بڕیار، دوو هێما، 50 بە 50 دەسەڵات‌و داهات‌و خودی ئیدارەی ئەم هەرێمەیان دابەشکردووە، هەر هەمان شت لەبەشی کورد لە ناوەندی بەغدا، بگرە لەئاستی بەرژەوەندی‌و پەیوەندییە ئیقلیمی‌و نێودەوڵەتییەکانیش «هەمان هاوکێشە« تاحەدێك تارمایی هەیە.**
**پاش زیاتر لە 7 ساڵ لە ڕزگاری عێراق دەبینین‌و دەبیستین چۆن لوتکەی لیستی دەسەڵات جەخت لەوەدەکەن کە ئەوان‌و ئەمەریکا ڕێژمی سەدامیان لەناوبرد ڕۆڵی کاریگەرییان هەبوو هەیە لەدامەزراندنەوەی عێراقی »هیواو ئاشتی« و بنیاتنەرو شەریکی دیموکراتیەتن لە عێراق، پێموایە ئەم بارودۆخە کە ئاماژەم بۆ کرد زۆرجار ڕەنگدانەوەی هەیە لەباس‌و وتارو لێکدانەوەی سەرانی ئەم هەرێمە، تەئکید لەوە دەکەنەوە ئەمڕۆ کورد بەژمارەی کورسی‌و بە ئیستیحقاقی نەتەوایەتی حوکمڕان‌و شەریکن، جەخت لەوەشدەکەنەوە کە پرسی کورد لەباشووری کوردستان چارەسەرکراوە، بەدەستوور مسۆگەرکراوە، تاکو ئەو ڕادەیەی ئیدی پرسی کورد بەشێك نییە لە گرفتەکانی عێراق بەڵکو فاکتەرێکی چارەسەرکەرە.**
**لەساڵی 2003ەوە هەتاکو ئەمڕۆ ئەم دەسەڵاتە لەچوار کابینەی ناوەندی بەغدا بەشدارە، چەند پۆستێکی سیادیان بەرکەوتووە، 17% ی بودجەی عێراقیان لەبەردەستە، لەم هەرێمە وەکو ئاگادارن تاکو 25-7-2009 پەرلەمانی هەرێمی کوردستان سێ ڕکابەر حاکم‌و ڕابەری ڕەهابوون لەدەسەڵات لەسەروەت‌و سامان، لەماوەدای ئەم 20 ساڵە تەقریبەن چەند کێرڤی لوتکەی دەسەڵات ئەستوورو ڕوو لە بەرزی‌و گردبنەوە واتە (تمرکز) دەکات، ئەوەندە بەبۆچوونی من ئەگەر گوێگران لێم ببوورن ئەوەندە کێرڤی ناوخۆیان خۆبەخۆ لەئاستی خەڵکدا ڕوو لە نزمییە، دەنگیان لەئاستی ناوەندی بەغدا ڕوو لە کزی دەکات، تاکو دێت فشاری هەمەلایەنەی ئیقلیمی بەتایبەتی لەلایەن تورك‌و لەلایەن ئێرانەوە توندتر دەبێت، ڕۆڵی نێودەوڵەتییان بەرەو کاڵبوون دەڕوات، بەپێچەوانەی خیتابی فەرمی لیستی دەسەڵات وەکو ڕەنگدانەوەیەك سیاسەتی دوای ساڵی 2003 پرسە چارەنووسسازەکانی باشووری کوردستان نەك هەر بە هەڵواسراوەیی ماوەتەوە، بەڵکو بەقەناعەتی من هەندێکیان پاشەکشەیان لێکراوە، هەندێکیان لەو باوەڕەدام مەترسیدارە، ئەگەر پرسی کورد لەباشووری کوردستان بەیەك ڕستە کۆبکرێتەوە کە ئەمەش من جەختم لێکردووەتەوە گوزارشتە لە سڕینەوەی تەعریب‌و دیاریکردنی سنور، کە ئەم لوتکەی دەسەڵاتە لەم دوو کێشەیەدا کورتی هێناوە، لەجیاتی ئەوەی تەعریب بنەبڕ بکرێت زیاتر بووە، سنوریش نەك هەر دیارینەکراوە بەڵکو کێشەکە لە**

هەڵکشاندندایە.
لەمیانەی 20 ساڵی رابردوو بەگشتیو بەتایبەت ئەم 7 ساڵەی دوایی ناکرێت بەحەقیقەت خەتێکی راستو چەپ بەسەر ئەو وەزعەدا بدەین، واتە بڵێین هیچ نەکراوە، کاری باش نەکراوە، بەپێچەوانەوە لەم 20 ساڵە لەهەرێمەدا بەلایەنی سلبیو ئیجابیەکەیەوە، پەرلەمانێك هەیە حکومەت هەیە دامودەزگای دادوەری هەیە، پێشمەرگە هەیە هێزی ئاسایش هەیە، چەندین بڕیاری چارەنووسساز وەرگیراوە، فیدراڵیەتو بەیاساکردنی ئاڵای کوردستان، کۆمەڵێك کاری تر هەیە ناکرێت چاویان لێ بپۆشین، بەڵام ئەوە شەش کابینەیە لەم هەرێمە دەستبەکارە، بەلەبەرچاوگرتنی بارودۆخەکەش هێشتا مەسەلە نەتەوایەتییەکانمان چارەسەرنەکراوە، بوارەکانی خزمەتگوزاریی بەتایبەتی کارەباو ئاوو گەیاندنو بوونی ناعەدالەتیو گەندەڵی بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووریو پەروەردەو تائێستا چارەسەرنەکراوە، ئەم دەسەڵاتە بەداخەوە نە ئەولەویاتی هەیە نە بەرنامەو ستراتیژێکی دیاریکراوی هەیە، ئەوەی هەیەتی بەقەناعەتی من رەنگدانەوەی چرکەو سیاسەتی رۆژەو زیاتر بەرژەوەندی حیزبییە، لەبازنەی ویستی حیزبیو ویستی خەڵکدا دەخولێتەوە، نەتوانای بەخۆداچوونەوەی هەیە، نە قودرەتی گۆڕینی بنەڕەتی ناوخۆیی تێدا ماوە، لەمەڕ پرسە نەتەوایەتییەکانیش توانای رووبەڕووبوونەوەی لاوازە، لاوازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك هۆکار، هەر ئەم بارودۆخە کە ئاماژەم بۆ کرد دوورنییە دادو گلەییو ناڕەزایی شەقامی کوردی لێبکەوێتەوەو مامانی لەدایکبوونی ئۆپۆزسیۆنیشە.
هیوادارم لەم دەرفەتەدا لەسەر ئەم خاڵانە بتوانین هەندێ گفتوگۆ بکەین، بەتایبەتی کابینەی نوێی مالیکیو رۆڵی فراکسیۆنە کوردستانییەکان.
پرسیار: پێتوایە لە 20 ساڵی رابردوودا کار بۆ ئەوە کرابێت کە سنوری هەرێمی کوردستان دیاری بکرێتو بکرێت بە پرۆژەیەك؟
جەوهەر نامیق: من نازانم، لەناو دانوستانەکاندا وردەباسەکان چین، چونکە من هەشت ساڵە دوورم، بەڵام لەرێگەی راگەیاندنو قسەکەرەکانی لیستی دەسەڵات زیاتر جەخت دەکرێت لەسەر مادەی 58 ی ئەوساو 140 ی ئێستا، مادەی 14 0باسی ناوچە دابڕاوەکان دەکات، بەڵام وەختی خۆی لە نەوەتەکاندا بەدەستپێشخەرییەکی ئەودەمی پەرلەمانی کوردستان پرۆژەی دەستووری هەرێم باسکرا، زۆر لە پسپۆڕان بەشدارییەکی باشیان تێداکرد، پوختەی ئەو کارە گەیشتە ئەوەی پرۆژەی دەستوور لەکۆبوونەوەیەکی 38 حیزبی کوردستانی لە بارەگای کۆیەی برادەرانی یەکێتی پەسەندکرا، مادەی 2ی ئەو دەستوورە دوخاڵی سەرەکی تێدابوو، یەکەمیان بەتێکڕای دەنگی ئامادەبوان بڕیاردرا وەکو پرۆژەیەکی دەستوور پەسەندبکرێت بنێردرێت بۆ پەرلەمان پاشان پەرلەمان بڕیاری لەسەردرا بەشێوەیەك کە کەرکوك پایتەختی کوردستان بێت، دووەم سنوری باشووری کوردستان دیاریکرا هەر لە بەدرەو جەسان هەتا تەلەعفەرو دواخاڵی زاخۆ، ئەو پرۆژەیە داخلی دەستوور بوو، لەچەندین کۆڕوکۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان جەختی لێکرا، لەدوای 2003 کەرکوك هەڵگیرا لە پرۆژەی دەستوور وەکو پایتەخت، لەپێش پەسەندکردنی ئەو پرۆژەیە لەپەرلەمان بەشەوێك مادەی 2 کە ناحیەی بەدرەو قەزای جەسانو قەزای تەلەعفەریان سڕیەوە لە پرۆژە دەستوورەکەدا کە تەقریبەن ئەگەر بەئەندازەی لوبنان نەبێت، تەقریبەن دوو لەسەر سێی پانتایی لوبنانی هەیە، بۆیە مەسەلەی سنوری کوردستان سپێردرا بە مادەی 140 کە هەموو کەس دەزانێت لەکوێ دەستپێکردو لەکوێ چەقیوە، لەوێش لایەنی کوردیو دەسەڵات بەئیرادەی خۆی هەتا ئێستاش نازانێت هۆکارەکەی چییە لە 2008 ئەو ناوچە گرنگانەی هەڵگرت.
پرسیار: پێتوایە کێ ئەو شارانەی سڕیوەتەوە؟
جەوهەر نامیق :بەتەئکید ئەوانەی کە کاریان لەسەر رەشنووسی دەستوور کردووە سەر بە زۆرینەی پەرلەمانن، ئەوانیش سەر بەدەسەڵاتن، واتە پارتیو یەکێتی، بەئیرادەو بڕیاری ئەوان ئەو شتە هەڵگیراوە.
پرسیار: پێتوایە حکومەتی عێراق کێشەکانی کورد چارەسەربکات؟
جەوهەر نامیق: نەخێر پێموانییە حکومەتی عێراق کێشەکانی کورد چارەسەربکات.
پرسیار: بۆچوونت چییە لەسەر ئەو قەیرانانەی لەنێوان لایەنەکاندا هەیە لەکوردستان، پێتوایە ئۆپۆزسیۆنێکی تەندروست هەبێت بۆ چاودێریی دەسەڵات لەکوردستان؟
جەوهەر نامیق: گرفتی ئەم هەرێمە لەساڵی 1992ەوە تائێستا ئەوەیە لەم هەرێمە دەسەڵات حەسم نەکراوە، لەهەر وڵاتێك دەسەڵات حەسم نەکرێت بەشێوەی روونو ئاشکرا، مەسەلەی ململانێکان شێوەو شێوازی تر وەردەگرێت، لەم هەرێمە دەسەڵات دابەشکراوە لەنێوان دوو ناوەند، دوو حیزبو دوو لوتکە، ئەم دابەشبوونەش زۆرجار گرفتی گەورەی لێکەوتووەتەوە، زۆرجاریش بەهۆی پارێزگاریکردن لەبارودۆخی ئێستا پێکهاتوون، ئەمڕۆ باس لە رێککەوتنێکی ستراتیژی لەنێوان ئەم دوو هێزە دەکرێت، بەڵام لەواقیعدا راگرتنی ئەو وەزعەیە کە هەیە لەهەموو روویەکەوە، واتە ئەزمەی ئەم هەرێمە سەرچاوەکەی بەقەناعەتی من لەوێوە هەڵدەقوڵێت، نە پارتی ئامادەیە ببێت بە حیزبی دووەم نە یەکێتی ئامادەیە ببێت بە حیزبی دووەم، ئەمە تەجروبە کراوە چ بە گفتوگۆ چ بە شەڕ، ئێستاش کەس هیواناخوازێت ئاڵۆزی هەبێت چ لەنێوان ئەو دوو هێزە چ لەنێوان هێزەکانی دیکە، ئەمە ناوەڕۆکی ئەم ئەزمەیەیە، هەتاکو ئەم واقیعە چارەسەرنەکرێت نابێت ئێمە تەوەقوعی ئەوە بکەین کە دیموکراتیو ئۆپۆزسیۆنی تەندروست رێچکەی خۆی بگرێت، ئەمە لایەکە لە کێشەکە، لەلایەکی دیکە خودی ئەم دەسەڵاتەو ئەم دوو حیزبە

لەناو خۆیانیشدا کۆمەڵێك کێشەو گرفتو قەیرانیان هەیە، هەندێکی رەنگیدایەوە وەکو برادەرانی یەکێتیو جیابوونەوەی گۆڕان، لەناو پارتیش بەتەئکید کۆمەڵێك گیروگرفتو کۆمەڵێك ئیشکالیەتیان هەیە ناکرێت ئینسان چاوی لێ بپۆشێت، ئەم واقیعە وایکردووە کە هیچ کێشەیەکی جیدی هەتا پرسە نەتەواییەکانیش وەکو پێویست چارەسەرنەکرێت، واتە دیاردەی ناعەدالەتی، گەندەڵی، قۆرخکردنی دەسەڵات، قۆرخکردنی سەروەتو سامان، ئەمانە هەمووی لەسەرەوە بۆ خوارەوە دابەشکراوە لەسەر ئەساسی پەنجا بە پەنجا، ئیدارە دابەشکراوە هەرچەندە هەردوولایەن جەخت لەوەدەکەن کە ئیدارە یەکە، بەڵام یەك ئیدارە نییەو ئەم دیو دێگەڵەو ئەو دیو دێگەڵە جیاوازە، هەروەها بانگشەی یەکگرتوویی هێزی پێشمەرگە دەکەن، بەڵام زۆر خەڵکی تریش تەنانەت لەناو دەسەڵاتیشدا پێیانوایە پێشمەرگە یەکگرتوو نییەو هەمان تاسو حەمامە، هەروەها دوو هێزی ئاسایش هەیە، دوو هێزی زانیاریو پاراستن هەیە، ئەم واقیعە وایکردووە زۆر لەمەسەلەی ململانێکانیش بەشێوەیەك لە شێوەکان دوو جەمسەریی بێت، جەمسەرێك لەناو خۆیاندا بە حکومی ئەو دوو ئیدارەیە، جەمسەرێکی دیکەش ئەم واقیعە وایکردووە کە خەڵك بێزاری زیادبکاتو ببێتە مامانی دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن کە ئەمڕۆ سێ باڵی روونی دیارە (گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمەڵ)، جگە لەوەی مومکینە لێرەو لەوێ چەندین گرووپی تر کە تائێستا خۆیان رانەگەیاندووە لەگەڵ تەوژمی نارەزایی شەقامی کوردیدا بن، ئەمانە هەمووی وایکردووە ئەم پرۆسەیە ئەم، ئەزموونەی ئێمە بە ئاراستەیەکی وادەبات کە ئیدی هێزی ئۆپۆزسیۆن، دەسەڵات بیەوێتو نەیەوێت بەرەو بەهێزبوونو زیادبوون دەڕوات، چونکە دەسەڵات ناتوانێت نە گرفتە سەرەکییەکانی ناوخۆی، واتە چاکسازییەك یان گۆڕینێکی بنەڕەتی بکات، نەدەتوانێت کارێك بکات ببێتە هۆی نەهێشتنی گەندەڵیو باری ئابووری خەڵك چاکتر بکاتو خزمەتگوزارییەکان باشتر بکات، ئاخر مەعقول نییە **20** ساڵ لە حوکمی خۆبەخۆو حەوت ساڵ دوای رزگاری عێراق دوو حیزبی گەورەی هاوپەیمان کە دەسەڵاتی ئەم هەرێمەیان بەدەستەوەیە نەتوانن کارەبای سێ پارێزگا دابین بکەن، ئەمە مەنتیقی تێدانییە نەتوانێت **24** کاتژمێر کارەبا بۆ سێ پارێزگا دابین بکات، لەکاتێکدا بودجەی هەرێم لە بودجەی هەفتا بۆ هەشتا وڵاتی دنیا زیاترە کە بەشێکیان نفوسیان لەئێمە چەند جار زیاترە، سەرەڕای ئەو هەموو پارەیەی باسی دەکەن لەبواری وەبەرهێنان، کاتی خۆی باسی ئەوەیان دەکرد کە نەوتی رەشی پێویستە، ئەوە باسی نەوتی رەش گەیشتە هەموو دنیا، دەیانوت غازی پێویستە وا دەڵێن غاز هەرێمە یەکێکە لەگەورەترین کێڵگەکانی دنیا، من پێموایە ئەمانە وایکردووە نەدەسەڵات بتوانێت هەموو قەیرانەکانی چارەسەربکات ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئۆپۆزسیۆن بەرەو پێشەوە بچێتو بەهێزتربێت.